سودانی بەردەوامی پشتیوانی عێراق بۆ گەلی فەلەستین و هەوڵەکانی فریاگوزاریی غەززە دووپات دەکاتەوە

محەمەد شیاع سودانی سەرۆک وەزیران، ئەمڕۆ دووشەممە، هەڵوێستی پتەو و پشتیوانیی عێراقی لەمەڕ دۆزی فەلەستین، و هاوسۆزی حکومەت و گەلەکەی لەگەڵ گەلی فەلەستین دووپاتکردەوە. هەروەها تیشکی خستە سەر هەوڵ و دەستپێشخەرییە بەردەوامەکانی حکومەتی عێراق بۆ گەیاندنی هاوکاری فریاگوزاری بۆ غەززە.

نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لەڕاگەیەندراوێکدا کە دەستی موتەڵیع کەوتووە بڵاویکردەوە،سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی، ئەمڕۆ دووشەممە پێشوازی کرد لە باڵیۆزی فەلەستین لە عێراق ئەحمەد ئەلروەزی.

وتیشی لە دیدارەکەدا بارودۆخی ئێستای ناوچە داگیرکراوەکان و کەرتی غەززە و بەردەوامی ئەنجامدانی قێزەونترین تاوان و پێشێلکارییەکانی هێزەکانی داگیرکەر لە دژی گەلی فەلەستین لە کەرتی غەززە و دۆخی ترسناکی مرۆیی لەوێ تاوتوێ کرا.

سودانی هەڵوێستی نەگۆڕ و پشتیوانانەی عێراقی بۆ دۆزی فەلەستین و هاودەنگیی حکومەتی و گەلی لەگەڵ گەلی فەلەستین دووپاتکردەوە، کە ڕووبەڕووی دەستدرێژییەکی دڕندانە دەبێتەوە ئەمەش لە بەر ڕۆشنایی

بەدەنگی و بەدەسەڵاتی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە بەرامبەر تاوانەکانی قەوارەی زایۆنی و سیاسەتی برسێتی، کە ڕۆژانە دەیان منداڵ و ژن و هاوڵاتی بە تاوانی مەدەنی بەو هۆیەوە دەبنە قوربانی، هەروەها تیشکی خستە سەر هەوڵ و دەستپێشخەرییە بەردەوامەکانی حکومەتی عێراق بۆ گەیاندنی هاوکاری فریاگوزاری بۆ غەززە، کە هێزەکانی داگیرکەر ئاستەنگی بۆ گەیاندنی دروست دەکەن.

لە لای خۆیەوە باڵیۆزی فەڵەستین سوپاس و پێزانینی خۆی بۆ دەوڵەتی عێراق دەربڕی بە هەڵوێستی پاڵپشتیکارانەی بەرامبەر فەڵەستین و ئیدانەکردنی تاوانەکانی جینۆساید و هەوڵەکانی بۆ دەستپێکردنی دەستپێشخەریی بە ئامانجی هاوکاریکردنی خەڵکی غەززە و ڕاگرتنی دەستدرێژییەکان.